ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/343750207

(شیعر و ناسنامەی نەتەوەیی بە نموونەی (نالی و گۆران

Article *in* Journal of Garmian University · August 2020

DOI: 10.24271/garmian.20718

CITATIONS
0

READS
15

1 author:

Dilman Qadir Ahmed
University Of Garmian
4 PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Dilman Qadir Ahmed on 19 August 2020.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.20718

شیعر و ناسنامەی نەتەوەیی بە نموونەی (نالی و گۆران)

دیلمان قادر أحمد

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان

Article Info

Received: February , 2020
Revised:February,2020
Accepted: March ,2020

Keywords

ناسنامەی نەتەوەیی، شیعر، ڕەخنەی ئەدەبی، نالی، گۆران

Corresponding Author

dilman.qadir@garmian.edu.krd

پوختە

ناسنامە وەکو پرسێک، ئەمڕۆ لە چوارچێوەی تیۆریلی جیاوازاوە گرنگی پێدراوە و قسەی زۆری لەسەرکراوە، بە شیوەیەکی گشتیش ئەو تیۆریایانە جەختدەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە ناسنامە لە ئەنجامی جیاوازی تاکایەتی و پێگەو پەیوەندی تاکەوە بە کۆمەڵگەوە پێناسە دەکرێت، چونکە (کێیەتی؟) پرسیارێکە و لەسەرەتای هۆشیاری مرۆڤایەتیدا لەگەڵ مرۆڤدا هەبووە واتە لەو کاتەوەی کە بۆ مرۆڤ گرنگ بووە خۆی بناسێت و ناسنامەیەکیش بەخۆی و کارەکانیشی ببەخشێت.ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا پرسی ناسنامە باس دەکات، کە بۆ ئەو کاتە و ئێستاش بابەتێکی گرنگ بووە، یاخود گرنگە. چونکە لە دیارترین ئەو گرفاتەنەی کە ڕووبەڕووی ئەدەبی کوردی بۆتەوە، ئەوەیە ناتوانرێت بە ناسانی ناسنامەی شیعری کوردی دیاری بکرێت، کە ئەمەش کەلێنێکی دیاری لەنێو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بەجێهێشتووە. ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی دەستپێکێک و دوو بەشەوە، بە شێوەیەکی زانستی و ورد ئەو بابەتە گەنگەشە دەکات.

لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا بە پوختی باسی پرسی ناسنامەمان کردووە. دواتر و لەبەشی دووەمدا بەجیا ئەم بابەتەمان لەلای (نالی و گۆران) خستۆتەڕوو، بەشێوەیەک بەپێی پێویستی توێژینەوەکە ئاوڕمان لە تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی کە لەسەر (نالی) هەبوون داوەتەوە و، دووبارە لە چوارچێوەی پێویستیدا و بە ئامانجی گەیشتنە بڕیارێکی زانستی، پشتمان بە دەقی شیعری (نالی) خۆی بەستووە. بەهەمان شێوە بە پشتبەستن بە تێڕوانینی (گۆران)، پرسی ناسنامەی شیعری (گۆران)مان خستۆتە پێش چاو. لە کۆتایشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو، کە بەهۆی ئەم توێژینەوەیەوە پێی گەیشتووین.

پێشەکی

دۆزینەوە یاخود دیاریکردنی ناسنامەیەک بۆ شیعری کوردی، کارێکی گرنگ و لە پێشینەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییە. ئەگەرچی شیعری کوردی گەلێک ناسنامەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆری ناسنامەی شیعری هەیە، یەک: ناسنامەیەک کە بەهۆی شانازیکردن بە توانای داهێنەرانەی شاعیرەوە دروستدەبێت. بەو هۆیەشەوە بنیاتێک و شێوازێکی هونەری بەرزی شیعری بۆخۆی دەستەبەر دەکات، بە ئامانجی دروستکردنی میتۆوویەکی نەبراوە بۆ خۆی و دەقەکانی. دوو: ناسنامەیەک کە مەبەست و خواستە نەتەوەییەکان دەکات بەسەنتەر و هەوێنی خۆی، ئەمەش دواجار شێوە و بنیاتێک لە ناسنامەی نەتەوەیی لە خۆیدا هەڵدەگرێت. سەبارەت بە ئەم توێژینەوەیە گرنگترین جۆری ناسنامە بۆ شیعر؛ ناسنامە (نەتەوەیی)ەکەیەتی. لە ڕێگەی ئەو ناونیشانەوە (شیعر و ناسنامەی نەتەوەیی بە نموونەی "نالی و گۆران")، ئەم توێژینەوەیە لەلای دوو شاعیری ناوداری وەکو (نالی و گۆران) کار بۆ دۆزینەوەی دەکات.

گرفتی توێژینەوە

ئەگەرچی گەلێک بۆچونی ڕەخنەیی لەبارەی (نالی و گۆران)ەوە خراونەتە ڕوو، بەڵام لەلایەکەوە تایبەت نەبوون بە پرسی (ناسنامەی نەتەوەیی شیعری کوردی)، لەلایەکی تریشەوە هێشتا سەبارەت بە پرسی ناسنامەی نەتەوەیی شیعری ئەو دوو شاعیرەوە، هەنگاوێکی یەکلاییکەرەوە نەبوون یاخود نین.

گریمانەی توێژینەوەکە

لەگەڵ ئەوەی تێڕوانینەکان لەبارەی (نالی و گۆران)ەوە گرنگ و زانستین، بەڵام هێشتا ئەو پرسە (ناسنامە) لەلای ئەو دوو شاعیرە دیاریکراو نییە؛ ئەم توێژینەوە بە تێڕوانینێکی نوێوە بەدوای وەڵامی ئەوپرسیارانەی خوارەوەدا دەگەڕێ:

1. بنیاتی ناسنامە لەلای ئەو دوو شاعیرە چییە؟
2. گرنگی ناسنامە لەلای هەردوو شاعیر چییە؟
3. ئایا پرسی ناسنامە بۆ کورد کێشەو بابەتێکی ئەدەبییە؟
4. ئەدەب چۆن ئەم پرسە چارەسەر دەکات؟

سنووری توێژینەوە

سنووری توێژینەوەکە هاوشانی دەقەکانی (تەبعی شەکەرباری من...)ی نالی و، دەقی (دیمەنێکی بەهاری) ی گۆران، ئەو تێڕوانینە ڕەخنەییانەش وەردەگرێ، کە سەرچاوەکەیان ئەو دەقانەو چەند بەیتێکی (نالی)یە. وەرگیراوە و جارێکی تر خوێندنەوەیان بۆ کراوە.

ئامانجی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی کە لەبارەی تاقیکردنەوەکانی هەردوو شاعیرەوە بەردەستن و ئەو دەقە شیعریانەش کە ئەو تێڕوانینە ڕەخنەییانەیان بەرهەمهێناوە وەردەگرێت و جارێکی تر خوێندنەوەیان بۆ دەکات. بە ئامانجی ئەوەی لەلایەکەوە پرسی ناسنامە بەو شێوەیەی کە هەبووە لەلای شاعیران بناسێنێت. لەلایەکی تریشەوە کار بۆ ڕوونکردنەوەو ڕەوینەوەی پرسیارو گومانەکان دەکات کە لەبارەی ئەو پرسە لەلای (نالی و گۆران) هەن.

گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، بە پێی تواناو پێویستی خۆی ئەو لێکۆڵینەوانە بە ئامانج دەگرێ، کە لەبارەی (نالی) لەلایەک و (گۆران) لەلایەکی ترەوە پێشکەشکراون. بەشێوەیەکی گشتیش؛ توێژینەوەکان ناسنامەی (شانازیکردن) بە ئەدەبیاتی (کلاسیک)ی بەشێوەیەکی گشتی و، (نالی) بەتایبەتی دەبەخشن، هەربۆیە ئامانج لە خستنەڕوی ئەو بۆچوونانە، دیاریکردنی جۆری شانازیکردنەکەیە (واتە چییەتی نەک چۆنیەتی). دواتریش بە بەراوردکردنی لەگەڵ ئەدەبیات (شیعری نوێ)ی دوای ئەو قۆناغە، زیاتر چەمکەکە ڕوونەدەکرێتەوە. بەوشێوەیەش توێژینەوەکە جۆر و پێگەی ناسنامەی شیعری هەردوو قۆناغەکە (کلاسیک و نوێ) لە چوارچێوە تێوریيە جیهانییەکدا بۆ پرسی ناسنامە، دیاریدەکات. گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە گەیاندووینی بەو بۆچونەی کە جیاوازی دنیای ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی (نالی و گۆران) دواجار دوو ناسنامەی جیاوازیشی لەلای هەردوو شاعیر دروستکردووە.

میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی کارکردنی خۆیدا پشتی بە میتۆدی (وەسفی شیکاری) بەستووە.

توێژینەوەی پێشتر

بە چاوخشاندنەوەیەک بە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا لەبارەی پرسی (ناسنامەی شیعر)، ئەوا بە ئاسانی هەست بە هەژاری ڕەخنەی کوردی، بە دیاریکراوی لەو بارەیەوە دەکرێت. توێژینەوەیەکی تایبەت بەم پرسە نابینرێت (یاخود ئێمە نەمان بینیوە)، ئەوە لە کاتێکدا کە بەهەر شێوەیەک بێت پرسێکی لەو شێوەیە بۆ هەر قۆناغێکی شیعری کوردی پێویستە بۆ ئەوەی توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت، هەتا لەو ڕێگەیەوە سنووری ئەدەبی و خاوەندارێتییەکەی بۆ نەتەوەی کورد یەکلابکرێتەوە، دواجاریش هەر ئەو ئەدەبە پرسی ناسنامەی نەتەوە بپارێزێت. وەکو سەرەتاییترین هەوڵیش (دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول)، لە کتێبێکیدا بە ناونیشانی (ئەحمەدی خانی ١٦٥٠-١٧٠٧ شاعیر و بیرمەند، فەیلەسوف و سۆفی)، لەگەڵ هەندێک لایەنی تری دنیای شیعری شاعیر؛ باسێکیش لەسەر پەیوەندی و خواستی شاعیر بە نیشتیمان و نەتەوە و ناسنامەی نەتەوەییەوە دەکات.

دەروازە

سەرەتای پەیوەندی کورد بە ئەدەبیاتەوە، بۆ ئەو هاوکێشە لە مێژینەیە دەگەڕێتەوە کە پێی وایە (شیعر) یەکەمین دەرچە و دەروازەی پەیوەندی تاکی کوردە بە کۆمەڵ و ژینگەکەیەوە، بە شێوەیەک شیعر بۆتە ئاوێنەی دەروونی تاکی کورد و، هەر لە ڕێگەی شیعریشەوە دەتوانین خوێندنەوەیەک بۆ پرسە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەی کورد بە گشتی و تاکی کوردی بەتایبەت لە چوارچێوەی ژیاریی کۆن و نوێی کوردا بکەین.

بەڵام ئەگەر بۆ لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە شیعر و پرسەکانی تایبەت بەشیعری کوردی لە ڕەخنەی کوردیدا بگەڕێین، ئەوە زۆر دوور ناڕۆین. ئەمەش لەبەرئەوەی کورد لەچاو نەتەوەکانی دنیا بەگشتی و نەتەوەکانی هاوسێیدا بەتایبەتی؛ درەنگتر بە ڕووی دنیابینی هاوچەرخیدا کراوەتەوە. لە دیارترین هۆکاری ئەم بارودۆخەش درەنگ گەیشتنی نەتەوەی کوردە بە چاپەمەنی و دەزگا و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە. ئەگەرچی ئەمە نەبۆتە هۆکاری دواکەوتیی دەقی شیعری کوردی لە ئەدەبیاتی جیهانی و بەتایبەت ئەدەبیاتی نەتەوە هاوسێکانی، بەڵام لە دوای سالانی

بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، گەلێک بابەتی بۆ ڕەخنەی کوردی هێشتەوە کە کاری لەسەر بکات، یەکێکیش لەو بابەتانە پرسی (ناسنامەی نەتەوەیی) شیعری کوردییە لە دوو قۆناغی جیاوازی وەک ئەدەبیاتی پێش ساڵی (١٩٢٠) و ئەدەبیاتی دوای ئەو ساڵە. بەشێوەیەک بەشێک لەڕەخنەگرانی کورد ئەدەبیاتی پێش بیستەکان بە لاساییکەرەوەی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی (عەرەب و فارس) دەناسێنن و هەندێکی تریشیان پێیان وایە سەرەڕای ئەو پەیوەندییەی ئەدەب (شیعر)ی کوردی بە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی هاوسێیەوە هەیبووە، بەڵام بەهۆی داهێنەری خۆیانەوە، شاعیرانی کورد لەو قۆناغەدا توانیویانە لە تایبەتمەندی یاسا باو(Norm)ەکانی ئەدەبیاتی نەتەوە هاوسێکانیان لابدەن و، تایبەتمەندی کەسیی خۆیان بەدەقەکانیان ببەخشن. لە دیارترین ئەو شاعیرانەش (نالی)یە.

هەر لە شاعیرانی تری هاوشێوەی نالی کە بۆتە سەرچاوەی ئەو پرسەی کە شیعری کوردی خاوەنی ناسنامەی خۆیەتی (حاجی قادری کۆیی)ە، لە بەیتێکیدا دەڵێ:

بـەلاغـەتێکـی هـەیـە هیـچ زوبـانـێ نـایگـاتێ

لـەبێ تـەعەسـوبی کوردانە بـێ ڕەواج و بەها

(کۆیی،١٣٩٠: ٢٦)

دیارە ئەوەش بۆخۆی جۆرێکە لە گرنگیدانی شاعیرانی کورد بە پرسی ناسنامەو، لەو ڕێگەیەشەوە ئەو ئەرکەیان خستۆتە سەر شانی ڕەخنەی کوردی بۆ ئەوەی بە گرنگییەوە ئاوڕ لە شیعری کوردی ئەو قۆناغە بدەنەوە، کە داویشیانەتەوە و گەلێک بۆچونی زانستی ورد و چاکیان لەوبارەیەوە خستۆتە ڕوو. بەڵام ئاخۆ تاچەند ئەو لێکۆڵینەوەوانە بەرەو ئەو چەمکە ڕوونەی پرسی ناسنامە چوون، کە لەسەر بنەمای (کێشە) دروستبووە (**نەک زمان بەو شێوەیەی ڕەخنەی کوردی گوتاری خۆی لەسەر سازکردووە**). کێشە بە واتای ناکۆکی شاعیر لەگەڵ ئەو ڕێچکە ئەدەبییەی کە باوە؟ ئەو ناکۆکییە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە و ئامانجی شاعیر گەیشتنە بەچی؟ هەڵبەتا خوێندەری ئەم تۆیژینەوەیە لەوانەیە بڵێت، کە تۆیژینەوەکانی پێش ئەم تۆیژینەوەیە وەڵامی ئەم پرسیارانەیان داوەتەوە. کەوایە ئەم تۆیژینەوەیە بۆ چییە؟! لەوەڵامدا تۆیژینەوەکە بەهۆی خستنەڕووی چەند ئەنجامێکەوە، بنیات و جۆری کێشەکان دەخاتەڕوو، بەو هۆیەشەوە خوێنەر بە خواست و ئاملجی شاعیر لە ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئەدەبیاتی هاوچەرخی دەگات، کە ئەنجامی تۆیژینەوەکانی پێش خۆی ئەو تایبەتمەندییەی تێدا نابینرێت.

هەروەها بە ئامانجگرتنی (گۆران) لەم تۆیژینەوەیەدا بۆ ئەوەیە کە بزانین ئاخۆ بۆچی خودی (گۆران) کە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ئەدەبیاتی خۆیدا هەڵگری شەقڵ و تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیکی بووە! کەچی دەستبەرداری دەبێت و بەرەو قۆناغێکی تری شیعرنووسینی دەڕوات؟! دەبێت بابەتەکە چێژ و شانازیکردن بە توانای داهێنەران و چێژی ئیستاتیکیانە و هونەری شیعر بووبێت یاخود بابەتگەلی تر؟ لەم بارەیەوە ڕەخنەگری کورد (دوکتۆر دڵشاد عەلی) لە تۆیژینەوەیەکی ورد و زانستیانەدا، لە ژێر ناونیشانی (گۆران داهێنان و نوێخوازی)دا، لە ڕەهەندە دەروونییەکانی شاعیری کۆڵیوەتەوە و هۆکاری جیاوازی تاکایەتی (گۆران)ی لەگەڵ شاعیران و شیعردۆستانی قۆناغەکەیدا دیاریکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا لەپاڵ ئەو ئامانجەی (دوکتۆر دڵشاد عەلی) پێی گەیشتووە (کە گۆران لەلایەن پیرەمێردەوە کەرەستەی ڕەسەنی خراوەتە بەردەست)، ئەم تۆیژینەوەیە بۆ ئامانجی تریش دەگەڕێ.

کەواتە ئەم تۆیژینەوەیە لەگەڵ ئەوەی ئامانجی تۆیژینەوەکانی پێش خۆی بەگرنگ دەزانێت، بەڵام گرینمانەی ئەوەش دەکات کە پڕ و پاراو نەبن. هەربۆیە، لەلایەکەوە لە هەوڵی بەراوردکردنی زیاتری کێڵگەی ئەدەبیاتی (نالی و گۆران) دایە، بەئامانجی دروستکردنی پرسیار و گومان لەسەر ئەو گوتارە ڕەخنەیی (ڕەخنەی ئەدەبی)ەی کە لەسەر نالی هەیە. لەلایەکی تریشەوە بەهۆی گوتاری ڕەخنەیی (گۆران)ەوە گوتاری تۆیژینەوەکە ڕووننتر و ڕێگەی گەیشتنیشی بە ئامانجەکانی ئاسانتر دەکات. هەربۆیە بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر و تێگەیشتن لە دەقە ڕەخنەییەکان، ئەو دەقە شیعریانەی (نالی و گۆران) کە ڕەخنەی کوردی بە هۆیەوە گوتاری خۆی لەبارەی هەردوو شاعیرەوە سازداوە، وەرگیراون. بەجۆرێک دەقی (تەبعی شەکەربارى من...)ی نالی، ڕەخنەی کوردی بەو ئاراستەیەدا بردووە کە ئاوێنە و هەڵگری ڕەهەندێکی ناسیۆنالیستی شاعیرە بەرامبەر بە نەتەوەکانی تری وەکو (فارس و عەرەب)، بەوەی هەوڵێکی خودی شاعیرە بۆ دروستکردن و زەقکردنەوەی جیاوازییە خودی و ئەدەبییەکانی لەگەڵ نەتەوەکانی هاوسێی، بەڵام تۆیژینەوەکە گرینمانەی ئەوە دەکات کە وا نەبێت. ئەوەشی ئەو گرینمانەیەی دروستکردووە، دەقی (دیمەنێکی بەهار)ە چونکە ئەم دەقە سەنتەری ئەو گوتار(نامەکەی گۆران بۆ پیرەمێرد)ە ڕەخنەییی (گۆران)ە کە لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا دروستیکرد. لێرەوە تۆیژینەوەکە لەپاڵ تێروانینی خۆی؛ پێویستی بەوەشە بە بۆچونێکی ڕەخنەیی بۆچونێکی

ڕەخنەیی تر هەڵبسەنگێنێت، خۆشی بە بەشێک لە تیۆرانینە ڕەخنەییە زانستی و وردەکان دەزانێت.

بەشی یەکەم: دەروازەیەکی تیۆریی پرسی ناسنامە

ئەگەرچی بە شێوەیەکی لاوەکیش بووبێت، (ناسنامە) پرسێکی کۆنی ناو ژیاری کۆمەلایەتی بووە، بەڵام ئەم پرسە بۆ ئەمڕۆی مرۆڤایەتی پرسێکی گرنگ و شایەنی تێڕامانی وردە. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاوازی وەک (فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و تاکایەتی و سیاسی و...هتد)ی وەرگرتووە. لەم نێوەندەشدا وەکو کیانێکی یەکگرتوو (ئەدەب و ناسنامە) لەگەڵ یەکتریدا و بە یەکەوە گەشە دەکەن. ئەم پرسە گەلێک تیۆرانین و بۆچونی جیاوازی لەدەرەوەی خۆی کۆکردۆتەوە. هەریەکێکیش لەو تیۆرانینانە ئەم پرسە بەلایەنێک لەلایەنەکانی وەکو (میژوو، ئایدۆلۆژیاو جۆری ئەو گوتارانەی کە ئەم پرسە ئاڕاستە دەکەن، لێکچوون و جیاوازی...هتد) دەبەستێتەوە. ئێمە تیۆریای کارەکەمان لەسەر ئەو تیۆرانینانە ساز دەدەین کە (لەیەکچوون و جیاوازی) دەکەنە بەردەبازی پەڕینەوە بۆ نێو دنیای ئەو باسەو گەنگەشەکردنی، چونکە سەرجەمی ئەو تیۆرانینانە لەیەکچوون و جیاوازی بە دوو بنەمای هەرەگرنگ و سەرەکی بنیاتنانی ناسنامە دەزانن، کە بە بۆچونی ئێمەش جیا لە دەرخستنی لەیەکچوون و جیاوازی نەتەوەیەک لەگەڵ نەتەوەیەکی تردا، هەر بەو شێوەیەش دەتوانین بە بەراوردکردنی دوو شاعیر یان ئەدەبی دوو شاعیری جیاواز، یان ئەدەبیاتی دوو قۆناغی جیاواز ئەو دوو بنەمایە بەگەڕبخەین. (لەیەکچوون) بە واتای یەکبوون و یەکگرتوویی (تاک، کۆمەڵ، نەتەوە)کان لە چوارچێوەی یەک تاقم و گروپدا. هەرچی (جیاوازی)شە، ئەوا بریتی دەبێت لە گەڕان و دۆزینەوەی ئەوی ترو زەقکردنەوەی جیاوازییەکان لەگەڵیدا. بەم شێوەیە هەتا ئەوی تر ئامادەیی نەبێت، پرسی (ناسنامە) مانایەک بەدەستەوە نادات. (عەلیزادە،١٩٣٤: ٨٠)

(هال) پێی وایە"ناسنامە لە هەناوی جیاوازیدا سازدەکرێت نەک لە دەرەوەی جیاوازیدا"(ئەحمەد زادە، ٢٠١٢: ٢١،٢٤٧). ئەوەی زیاتر ئەو بۆچونە ڕوونەدەکاتەوە (کالهۆن-Calhon)ـە. لە بۆچونێکیدا دەڵێ:"ئێمە هیچ خەڵکانێکی بێ ناو و نیشان ناناسین، هەروەها هیچ زمان و کولتوورێک شک نابەین لەنێوان خۆی و ئەویتردا، ئێمە و ئەواندا جیاوازی دروست نەکردبێت"(عەلیزادە، ١٩٣٤: ٧٠). کەواتە ناسیاوی ئێمە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر و ئەوەشی کە لەنێویدایە بەهۆی هەبوونی ناسنامەیەکەوە دەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر تەماشای ئەو تیۆریایانەی کە لەمەڕ ناسنامەوە هەن بکەین، پێمان دەڵێن (ناسنامە) شکڵگرتوونییە و بەڵکو بە پێی جۆری وەڵامدانەوە بۆ ئەو جیاوازییانەی کە ناسنامەی ئەویتر پیشانیدەدات دەگۆڕێت. هەربۆیە"هەویەت (ناسنامە) جا نەتەوەیی بێ یان هی تر هەمیشە پێویستی بە جیاوازی هەیەو بە بێ جیاوازی دروست نابێ، هەویەت بریتییە لە پەیوەندی خود لەگەڵ ئەویتر لە حاڵەتی جیاوازیدا، هەویەت هەمیشە شوێنپێی ئەویتر هەڵدەگرێ و هەمیشەش لەلایەن ئەویترەوە لێی دەدرێ" (بەگیخانی ؛ ئەحمەد زادە، ٢٠٠١: ١٤). ئەم چەمکە بۆ هەموو جۆرەکانی ناسنامە دروستە و بەتایبەتیش ناسنامەی نەتەوەیی.

تاکی سەربەخۆ هەوڵی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی پەیوەندییەکانی خۆی بە شت و کەس و ژینگەکەیەوە دەدات، یان ئارەزووی گرێدانی بنیاتی خۆیەتی بە ئەوانیترەوە. ئەوەش دیارە لە ئەنجامی هۆشیاری خودەوە دەبێت. کەواتە دەتوانین بڵێین ناسنامە لە ئەنجامی دنیابینی و بارودۆخی مادی و کۆمەڵایەتی و میژوویی و دەروونی تاک لەگەڵ تاکێکی تر، یان کۆمەڵێک لەگەڵ کۆمەڵێکی تر، کولتور و ڕۆشنبیرییەک لەگەڵ کولتور و ڕۆشنبیرییەکی تر دروستدەبێت (خیر ابادی و دستانش، ١٣٩١: ٩٢). لەگەڵ ئەوەشدا ناسنامە بنیات و شێوەی جیاوازی وەکو"کۆمەڵایەتی، ئاینی، ڕۆشنبیری، ئەخلاقی، نەتەوەیی...هتد ی هەیە"(کچویان ؛ یگانە، ٥٣-٦٠). بەڵام گرنگترین شێوەی ناسنامە لە جۆری "ناسنامەی نەتەوەییە"(قمری ؛ حسن زادە، ١٣٨٩، ص١٨٥)ە، کە لەو ڕێگەیەوە پەیوەندی تاک بە کۆمەڵەکەیەوە دیاریدەکرێت.

یەکێک لەو لایەنانەی کە لەدیاریکردنی ناسنامەدا ڕووبەڕووی ئاڵۆزی و شکڵگۆڕکێنی چەمکەکەیمان دەکاتەوە، لایەنی توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوەیە، چونکە هەریەکێک لەو توخمانەی کە دواجار پێکەوە بنیاتێکی یەکگرتووی ناسنامە دیاریدەکەن؛ هێزی ئەوەی هەیە بتوانێت ئاڕاستەی دیاریکردن و پێناسەکردنی شوناس بەلای خۆیدا کەمەندکێش بکات، توخمەکانیش وەکو"هاوڕەگەزی، شوێنی جوگرافی، زمان، ئاین، ئەدەب، میژوو، فەرهەنگی هاوبەش، نەریت و دیاردەی ڕۆشنبیریی هاوبەش"(سەعید، ٢٠٠٣: ٥٠). بەم شێوەیە ئەدەب وەکو یەکێک لە توخمە گرنگەکان ئەرکێکی دوولایەنەی دەکەوێتە سەرشان، بەو واتایەی کە ئەگەر ناسنامەیەک هەبوو ئەوا بپیاریزێت. ئەگەریش نەبوو ئەوا دەبێت هەوڵی دروستکردنی بدات. بەشێوەیەکی گشتیش (ناسنامە)و پەیوەندی بە ئەدەبەوە پرسێکی گرنگ و جێگەی بایەخی

ئەدەبی کوردی بووە. لە ڕەخنەی کوردیدا لە ڕێگەی سەرنجدان لەبەرهەمی شاعیران بەدیاریکراوی "ئەحمەدی خانی" (ڕەسوول، ٢٠٠٨: ١٠٧-١١٦)* هەوڵدراوە پرسی ناسنامە و ڕۆڵی ئەدەبی کوردی لەو بوارەدا گەنگەشەبکرێت.

هەرچی لەبارەی سەرەتای دەرکەوتنی شوناسی نەتەوەیی کوردیشە (کە تویژینەوەکە لەوێوە بۆ گوتاری ڕەخنەی کوردی دەڕوانیت) ئەوا (عەباسی وەلی) دەڵێ"لە کوردستاندا شوناسی سیاسی کوردی ئەوەندە قەدیم و کۆن نییە، لە حەفتا هەشتا ساڵی ڕابردوودا هاتۆتە گۆڕێ. هۆیەکەشی ئەوەیە کە شوناسی سیاسی لەگەڵ تەزاد و تەقارب (تناقض و انسجام)ی شوناسەکانی دیکە بە وجود دێ. ئەو کاتەی کە شوناسی سیاسی بە وجود هات وەختێک بوو کە شوناسی سیاسی یا نەتەوەیی لە فارس و عەرەب و تورکدا پێکهات" (حاجی ئاقایی، ٢٠١٥: ١١٢). سەبارەت بەو بۆچونەی سەرەوە (ئازاد حاجی ئاقایی) دەڵێ"عەباسی وەلی پێیوایە (ئەویتر) لەم ناوەدا ڕۆڵێکی بنیاتنەرانە دەگێڕێ. لەبەرئەوەی هەر چەشنە شوناسێک ڕێژەیی دەبینی و پێیوایە شوناسی نەتەوەییش لەسەر بنەمای جیاوازی دادەمەزرێ و بەهۆی (ئەوانیتر)ەوە بیچم دەگرێ"(سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٥: ١١٤).

کەواتە دەتوانین بزاوتی بیری نەتەوەیی و نەتەوەخوازی لەلای کورد بەگشتی، لەباشوور بەتایبەتی وەکو دەرئەنجامی شکست و ڕوخانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و کاڵبوونەوەی پێڕەوبەندی میللەتی عوسمانی ببینین، کە دواجار سیاسیبوونی شوناسی دانیشتوانی چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەتەکەی لێ بکەوێتەوە. (سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٥: ١٢٧).

(عەباسی وەلی) لەگەڵ ئەوەی سەرەتای بە بەرنامەکردنی پرۆسەی گەڕان و دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی بە دروستکردنی نەتەوەوە دەبەستێتەوە، وەکو ئەوەی دەڵێ:"ڕەگی هەویەتی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ناو پرۆسەو پراکتیکی سیاسی و کولتوری و دامەزراندنی نەتەوەو دەوڵەتی مۆدێرن و هەویەتی نەتەوەیی لەناو کۆمەڵگە هەمەڕەگەز و هەمەکولتورییەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا کە لەماوەی نیوان هەردوو جەنگی جیهانیدا دروست بوون"(بەگیخانی ؛ ئەحمەد زادە ،٢٠٠١: ١٨). گومان و پرسیارێکی گەورەش لەسەر میژووی پێش ئەو قۆناغەی کە ئەو بۆ دامەزراندنی نەتەوە و ناسنامەی سیاسیی نەتەوەی کورد دیاریکردووە دروستدەکات، چونکە بەبۆچونی (وەلی)"خاسیەتی نیونەتەوەیی ناسیۆنالیزمی کوردی مەرجی بنەڕەتی خۆی هەیە، کە پەیوەستە بە مەرجە ناوەکییەکان و پێشکەوتنە هەمەجۆرەکانی کۆمەڵگا کوردییەکانەوە. ئەم مەرجانەو لە هەمووشیان زیاتر دواکەوتوویی ستروکتور (پێکهاتە)ی کۆمەڵایەتی و لاوازی بۆرژوازییەت لە شارەکاندا لەتەک دەسەڵاتی بەهێزی فیودالی و عەشایەری لەناوچەکانی دەرەوەی شاردا، بە تۆندی خاسیەتی نیونەتەوەیی ناسیۆنالیزمی کوردی دابەزاندوە و بە شێوەیەکی کاریگەریش مەیلی بە مەرکەزییەتبوونی لاوازکردووە"(سەرچاوەی پێشوو: ل٩). هەربۆیە لەسەرەتاکانی سەدەبی بیستەوە ئیدی سیاسەتی کارکردن، خودی خەباتی لە چالاکییەکی خێڵەکییەوە گۆڕی بۆ چالاکییەکی نەتەوەیی و بەرەو بەدەستهێنانی ماف و ناسنامەی نەتەوەیی هەنگاوی هەڵێناوە(وەلی، ١٩٩٨: ٧).

کەواتە ئەگەرچی ناسنامە لەسەر چۆنیەتی ڕوانین و هەستی تاکا ڕەنگدانەوەی هەیە، بەڵام ئەم پرسە"بەستێنی سەرهەڵدانی ژیانی کۆمەڵایەتییەو ڕەنگدانەوەی ناسنامەی کۆمەڵایەتی لەکەسایەتیدا جیا لە جیهانی کۆمەڵانی کەسانی دیکە مانایەکی نییە"(عەلیزادە، ١٣٩٤: ٧٦-٧٧). کەواتە ناسنامەی (شاعیر) بۆ خۆی لە (کێیەتی؟) خۆیی و (چییەتی؟) کارەکەیەوە شکڵ وەردەگرێ. ئەمەش بە ڕێژەیەکی زۆر لە ئەنجامی پەیوەندی شاعیر لەگەڵ ئەوان (شاعیران و شیعردۆستانی)ی تەوەو بە پێوەری یەکەم بەستوویەتییەوە.

ڕەخنەی ئەدەبی کوردی گەلێک بابەتی تایبەت بە ئەدەبی کوردی بەگشتی و شیعری کوردی بە تایبەتی، گەنگەشە کردوون. زۆرینەی جاریش توانیویەتی وەڵام بۆ پرسیارەکان بدۆزێتەوە و، هەندێک جاریش بۆخۆیان بوونەتە هۆی دروستبوونی گەلێک پرسیاری تر. یان دەتوانین بڵێین ڕەخنەی کوردی ئەگەرچی توانیویەتی گومانەکان لەسەر گەلێک بابەتی پەیوەست بە (شیعر) بڕەوێنێتەوە، بەڵام هەندێکجاریش بۆتە هۆی زیاترکردن یاخود قوڵکردنەوەی گومانەکان. دیارترین بابەتیش پرسی (ناسنامە)ە و پەیوەندی بە (شیعر)ەوەیە، کە ڕەخنەی کوردی نەیتوانیوە بەتەواوی ناسنامەی شیعری کوردی دیاریبکات. بە تایبەتی لەلای دوو شاعیری داهێنەری وەکو (نالی و گۆران).

بەڵام ئاخۆ پرسی ناسنامە لە شیعری کوردیدا لە کوێی پرسە جیهانییەکەدایە؟ یان دەکرێ پرسی ناسنامە لە شیعری کوردیدا بە پرسی کۆی تاکی کورد پێناسەبکرێ؟ یان بە دەربڕینێکی تر، ئەم پرسە باوەڕی کۆی خەڵکی کوردە، یان هێشتا سنوری تاکباوەڕی

نەبڕیوە؟ بۆ چنگکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارانەوە و پرسیارگەلی تریش، کە لەوانەیە لە هزری ئێمەدا بەرامبەر بە ڕۆڵ و گرنگی شیعری کوردی (کۆن و نوێ) لە بارەی دۆزینەوە و دروستکردنی ناسنامە وەکو پرسێکی گرنگ دروستببێت، ئەم توێژینەوەیە بەرەو دەستکەوتنی ئەنجامێکی شیاو و ڕونکەرەوە هەنگاو هەڵدەگرێ. سەرەڕای ئەمانەش ئەگەرچی دەربڕینێکی ئاسان نییە ئەگەر بڵێین شیعری کوردی بە تەواوی لە دەرەوەی دیاردەی بە جیهانیبوونداید، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاسانە ئەگەر بڵێین، کە هێشتا سنوور و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی لە شیعری کوردی قۆناغەکانی (کلاسیک و نوێ) ئامادەن و جۆرێک تێکەڵاوی بە بابەتی ناسنامەی نەتەوەیی تێدایە. بەڵام ئاخۆ چۆن؟ هەروەها چی شتێک لەو پرسەدا گرنگە؟ شیعر لە پێناو نەتەوە، یان نەتەوە لە پێناو شیعر؟ یان بە دەربڕینێکی دی، زمان لە شیعری کوردیدا تاک دەنووسێتەوە یان نەتەوە؟

زۆرن ئەوانەی لە دیدی ڕەخنەیی خۆیاندا، ئەو بیرۆکەیەیان چەسپاندووە، کە"کەرەستەی هونەری شیعر زمانە و زمانیش لە وشەکان پێکدێت و لەهەمان کاتیشدا ناسنامەی نەتەوایەتی هەر گەلێکە"(تاهر، 2006: 130). ئەمەش تا ئەو شوێنە ڕاستە کە ئەدەب بریتییە لەزمان و ئەو بیرۆکەیەی کە زمانی دەق لەخۆیدا هەڵیگرتووە و گوتاری خۆی پێ سازدەدات. بەڵام ئەوە بریارێکی خێرایە ئەگەر پێمان وابێت ناسنامەی نەتەوە بەگشتی بریتییە لە (زمان). بەو واتایەی مادام من بەکوردی قسە دەکەم، ئیتر کوردم ئەم بۆچونە دروست نییە و بەشێوەیەکی گشتیش ئەزموونی جیهانی ئەوەی سەلماندووە، کە"زمان کرۆکی ناسنامە نییە و پێش هۆشیاری نەتەوەیی ناکەوێت، بەڵکو ئەوە هۆشیاری و بیری سیاسی و ئایدۆلۆژی نەتەوەیەکە، کە بڕیار لە دروستکردنی زمانێکی دیاریکراو دەدات، هەتا ناسنامەیەکی نەتەوەیی لە ڕێگەیەوە سازبدات"(ئەحمەدزادە، ٢٠١٢: ٢٥٦).

کەواتە ئەگەرچی (زمان) یەکێکە لەسەرجەمی ئەو کەرەستانەی کە ناسنامەی نەتەوەیەک دیاریدەکەن، بەڵام ئەگەر زمان بریتیبێت لە کەرەستەی ئاخاوتن، ئیتر ئەوە ناتوانێت ناسنامە بنیاتبنێت، بەڵکو زمان ئەو کاتە دەتوانێ لە بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەییدا ڕۆڵبگێڕێ، کە بتوانێ گوتار سازبکات و"لە زمانی ئامازەوە هەنگاو بەرەو زمانی دەلالەت هەڵگرێ"(ڕەزا، 2008: 10). هەربۆیە ئەگەر بەم ڕوانینەوە بۆ دەقی شیعری کوردی بڕوانین ئەوا دەستنیشانکردنی پرسێکی وەکو (ناسنامە) کارێکی ئاسان نییە، چونکە وەکو ئەوەی لە پێشتریشدا ئاماژەمانپێکرد، دەقی کوردی هەتا جەنگی یەکەمی جیهانیش هەر لە جۆری لیریک بوو. بیرۆکەی دەقەکانیش بە سیمایەکی تەواو خودیانەوە نومایەندەی خاوەنەکانیان بوون. ئەگەر جاروبار و لێرە و لەوێ دەقێکیشمان هەبێ بەلای ئەو پرسەدا (ناسنامە) چوبێت، ئەوا لە ڕێگەی چەند کۆدێکەوە بووە، کە بوونەتە کلیلی گەنجینەی چەندین بابەتی هەمەجۆر لە دەقەکەدا (بەتایبەتی دەقی کلاسیکی کوردی)، ئەمەش دووبارە لەبەر تانوپۆی ئەو ڕێبازە ئەدەبی و ڕەخنەییە (جیهانی)انەوە بووە، کە پەیڕەویان کردووە.

بەڵام دوای ئەوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی سەرهەڵدەدات، جۆرێکیش لە هۆشمەندی نەتەوەیی و نیشتیمانی پاڵپشت بە ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی نەتەوەیی بەرهەمدێت. ئەو بیرە نەتەوەییە بە پێویستی زانی جۆرە ئەدەبێک بەرهەمبێنێت، کە لەبنەڕەتەوە کورد خاوەنیەتی و میژوویەکی دوورپشی هەبووە، هەربۆیە لەگەڵ ئەو بیرە نەتەوەییەشدا ڕەهەندێکی تری شاراوە هەبوو، کە وایکرد شیعر زیاتر بەرە و ناسنامەی نەتەوەی و بابەتەکانی تایبەت بەو پرسە هەنگاو بنێ، ئەویش ئەوە بوو، هەوڵی دەدا جیاوازی لەگەڵ شیعری کلاسیکدا دروستبکات، بەوەی کە شیعری کلاسیک دەرئەنجامی ڕێبازێکی ئەدەبی بوو، سەرەتا لەلای عەرەب سەریهەڵداوە و، (فارس و کورد)یش بوون بە بەشێک لەو ڕێبازە و، گەشەیان پێدا و داهێنانیان تێداکرد.

بەشی دووەم: ناسنامەی نەتەوەیی لە شیعری کوردیدا

1. ناسنامەی نەتەوە لە شیعری (نالی)دا

قسەکردن لەسەر شاعیرێکی وەکو (نالی) بوێری دەوێت، چونکە دنیای ئەدەبی (نالی) هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، زۆر شتی بە شاراوەیی و نهێنی تێدا ماوەتەوە. جا لەبەر واتای پر پێچ و گرێی شیعرەکانی (نالی)، یاخود بێقودرەتی ڕەخنەی کوردی بەرامبەر بە دنیابینی (نالی)یەوە بێت. لەم بەشەدا دەمانەوێ بەرەو باسێک لەلای (نالی) هەنگاو بنێین، کە لەگرنگترین بابەتەکانی تایبەت بە (نالی) و دنیابینی دەقەکانی (نالی)یە. تێیدا لە پێناو دیاریکردنی گوتاری (نالی) بەرامبەر بە پرسی (ناسنامەی نەتەوە) و پێناسەکردنی، هەوڵی دەرخستن و خوێندنەوەیەکی تری دەقی نالی (ئەوانەی مەبەستەکەمانی پێ ڕوونتر دەکرێتەوە) دەدەین.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەوەی جارێکی تر کارەکەی ئێمە گرانتر دەکات، ئەوەیە کە زۆرێک لە ڕەخنەگران و توێژەرانی کورد و گەلێک بابەت و لێکۆڵینەوە ئەگەرچی لەسەر پرسی (ناسنامە)ش نین، بەڵام

لەچوارچێوە و سنووری کارەکانی خۆیاندا ئاوڕیان لە هەندێک دەقی (نالی) داوەتەوە، لەو ڕێگەیەشەوە ئەو بۆچوونەیان لەلا دروستبووە، کە (نالی) شاعیری نیشتمان و نەتەوەیە. بەڵام لەوانەیە ئەنجامی هەوڵ و خوێندنەوەی ئێمە بۆ دەقەکانی (نالی) و (دەقە ڕەخنەییەکان)یش کە لەبارەی دەقەکانی (نالی)یەوە بۆ پرسی (نەتەوە و زمان) ئاراستەکراون، بەو شێوەیە نەکەوێتەوە کە پێشتر هەبوون.

سەرەتا پێویستە ئاماژە بە بۆچوێنکی خانەوادەی (مودەڕیس) بکەین، کە لە (دیوانی نالی)دا دەڵێن:"نەتەوایەتی هەستێکی سیاسییەو زادەی قۆناغێک و چەند هۆ و دۆخێکی تایبەتییە و لەخۆیەوە نایەت. پێویستیش نییە هەموو کەس ئەم هەستەی بە یەک شێوەی تایبەتی هەبێ. لەو قۆناغەدا کە نالی تیا ژیاوە بە دەیان شاعیری کلاسیکی هەڵکەوتوون و کەسیشیان شێوەی نەتەوەخوازی لە شیعرەکانیاندا دەرنەکەوتووە"(مودەڕڕی، 1387: 57). هەر لەو بارەیەوە (ئارامی حەمەی مینا) پێی وایە کۆی ڕەخنەی ئەدەبی ئێمە، بە تایبەت هەتا ساڵانی کۆتاییەکانی سەدەی بیست تەنها لە ڕێگەی وشە و دەربڕینەکانی ناو دەقەکانی (نالی)یەوە خوێندنەوەیان بۆ (نالی) و دەقەکانی (نالی) کردووە. لەوە بترازێ ڕەخنەیەک نەبووە، کە سەرلەبەری پەیکەری شیعری (نالی) لێکهەڵوەشێنێ و ماناو مەدلوولی تازەی لێوە هەڵگوزێ، هەربۆیە پێی وایە:"هەر ئەو نەبوونی هێز و لاوازییە ڕەخنەییە کە وادەکات جارێک (نالی) بە نیشتیمانپەروەر و جارێکیش بە نەتەوەیی لە قەڵەمی بدەین، کە لە ڕاستیدا هیچ عەیب و عارێک نییە نە بۆ خودی (نالی) و نە بۆ دەقی (نالی). گەر بێت و ئەو بارگرانییە نەسەپێنین بەسەر ئەو زاتەدا، چونکە حەقیقەتێکی میژوویی گەورەیە، کە (نالی) بە مانای چەمکی نیشتیمان و دەوڵەتی نەتەوەیی کە بەرهەمی مۆدێرنەن خەبەرێکی نەبووە"(عەلی، ٢٠٠٩: ٤٩٨).

دەقی (نالی) بەگشتی دەرخەری گوتارەکانییەتی و لەنێویشیاندا گوتاری ئەو بەرامبەر بە پرسی (زمان و ناسنامەی نەتەوەیی). ئەوەشی دەبێت بە ناوەندی ئیشی ئێمە لەم باسەی تۆێژینەوەکەماندا، دەقی (تەبعی شەکەر باری...)یەکەی (نالی)یە و، بە پێی پێویستیش ئاوڕێک لە چەند بەیتێکی تری (نالی) دەدەینەوە، کە باسەکەمان بەلای خۆیدا کەمەندکێشیان دەکات:

تەبع *٢ی شەکەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا

(نالی، ١٣٨٧: ٥٧)

باشە بۆچی بۆ نووسینەوەی دنیابینی خۆی زەوق و سەلیقەیەکی جوان و شیرینی لەو شێوەیەیەی کە (نالی) بۆ خۆی باسیکردووە، زمانی کوردی بەکاردەهێنێ؟ ئەمە بۆخۆی پرسیارێکی دروستە ئەگەر ئێمە بیخەینە ڕوو؛ وەڵامی پرسیارەکەش هەر لای (نالی) دەستدەکەوێ، لە کاتێکدا دەڵێ:

ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی، لە عەمدەن وا دەکا

(نالی، ١٣٨٧: 103)

وەڵامی (نالی) بریتییە لە (تاقیکردنەوە)، واتە تا چەند"دەتوانێ بەزمانی کوردی قوتابخانەیەکی شیعری کوردی دروستبکات و خۆی بکاتە گەورە و ڕابەری ئەو قوتابخانە شیعرییە؟"(حەمە نوری عومەر کاکێ، 2008: 46) هەروەها ئاخۆ تا چەند لەو پرسیار و گومانە پێشوەختانەی کە هەبوون، دەتوانێ سەرکەوتووبێت؟! کەواتە (نالی) بەوپەڕی هۆشمەندی و بە ئاگاییەوە ئەو کارەیکردووە.

لە ئەنجامی ئەو نیوەبەیتەی (نالی)یەوە، کە دەڵێ:

یا لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسوار

(نالی، ١٣٨٧: 103)

هەنگاو بەرەو گرێیەیەکی دەروونی گوماناوی دەقەکە هەڵدەگرین، کە ئەویش لە پشتی وشەی (فەساحەت)ەوە خۆی شاردۆتەوە. چونکە مەدلولی یەکەمی ئەگەر (ڕوونبێژی، وەک لایەنێک لە زانستی ڕەوانبێژی)بێت، ئەوا مەدلولێکی تریش لەخۆیدەگرێ، ئەویش (تواناو ئیرادەی شاعیر)ە. لێرەوە جۆرێک لە گەمە (شەڕ)ی ئەدەبی لە نێوان (نالی) وەک لایەنی یەکەم و، (ئەوان–ئەو کەسانەی گوایە ڕەخنەیان لە نالی) گرتووە، وەکو لایەنی دووەم دروستدەبێت. (نالی) هێرشیکردۆتە سەریان و بە تێنەگەیشتوو لەبەرامبەر دەقەکانی زانیون، چونکە وەکو ئەوەی لە بەیتی دواتریدا دەردەکەوێ، ئەوان (لایەنی دووەم) دەقەکانی (نالی)یان قەبوڵ نەبووە، چونکە بەهۆی بڕیارێکی پێشوەختەوە، کە گوایە (زمانی کوردی زمانی ئەدەبیات نییە) شیعری (نالی)یان ڕەتکردۆتەوە.

کەس بە ئەڵفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە

(نالی، ١٣٨٧: 103)

ئەگەرچی بەڵگەیەکمان لەبەردەستدا نییە. بەڵام بە بۆچونی ئێمە دەقەکانی (نالی) لەبەرئەوەی بە زمانی کوردی نووسراون ڕووبەڕووی توانج نەبۆتەوە (وەکو ئەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ئەو گوتارەی سازکردووە)، بەڵکو دوورنییە وەکو ئەو دەقەی کە بۆ (مەستوورەی ئەردەڵانی)ی نووسیوە، ئەمیش پاڵنەرێکی دەروونی

هەبووبێت. بە دەربڕینێکی تر (نالی) بەرگرییەکی پێشوەختەی لە خۆی و دەقەکانی کردووە. هەربۆیە وەڵامی (نالی)یش بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ ڕەخنە لە دەقەکانی بگرن ئەوەیە کە دەڵێ:

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مانا دەکا

(نالی، ١٣٨٧: 103)

کەواتە با کەس نەڵێ زمانەکەی کورمانجیە و خۆی داینـاوە، بەڵکو با سەیری کاکڵە و ناوەڕکی وشە و دەربڕینەکانی ناو دەقەکانی بکات. هەربۆیە لەگەڵ ئەو لێکدانەوەی (گیو موکریانی)دا یەکدەگرینەوە، کە دەڵێ:"لێرەشدا وا دەگەیەنێ: کەسێکی نەزان نەبێ ڕەخنە لە هەڵبەستەکانم ناگرێ لەبەرئەوەی کە کوردین، چونکو مەبەست وشە نییە بەڵکو واتایە با بە شێوێندا بگەڕێن"(موکریانی:پ). هەر لەوبارەیەوە (دوکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسوول) دەڵێ:"(نالی) لەپاڵ ئەمانە (مەبەستی ڕەخنەگر کێش و سەروایە) وەستایەکی گەورەی وشەکاری و بەلاغەتە، بێ سێ و دوو دەتوانین بڵێین لە هەموو شاعیرانی کورد زیاتر یاری بە وشە کردووە... بۆ ئەو کاتە و بۆ بەرهەمی (نالی) و هاوڕێکانی تەواو تازەبوو. چونکە ئەوان شارەزایی خۆیان لە بەلاغەتدا بۆ دەرخستنی جوانی وشەی کوردی بەکارهێناوە"(عەلی، ٢٠٠٩: ٧٣). وەک لە تێڕوانینەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێت، دەقەکە بەگشتی جۆرێکە لە شانازیکردن بە خۆیەتی شاعیرەوە. بەم شێوەیەش زمان بۆ نووسینەوەی ئیرادە خودییەکانە و، نالی وەک کەرەستەی داهێنان تەماشایکردووە. ئێمە ئەم دوو بەیتەی نالی بە بەڵگەی تێڕوانینەکەمان دەزانین:

(نالی) عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا ئەکا

مەعنای زۆرو گەورە بە لەفزی کەم و بچوک

(نالی، ١٣٨٧: 269)

(نالی) بە داوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر

بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە

(نالی، ١٣٨٧: 560)

بەو تێڕوانینەمان ئەو گوتارەی ڕەخنەی کوردی هەڵدەوەشێنینەوە کە پێیوایە بەلای (نالی)یەوە گرنگبووە"مەبەستە ڕاستەقینەکەی بگەیەنێت"(عبدالواحید ؛ عمر، 2018: 6) ، دیارە لێرەدا مەبەست لە دەربڕینی (مەبەستی ڕاستەقینە) هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی (نالی)یە.

پاشان لەو شوێنەدا کە نالی دەڵێ (خۆ کورد‌ییە خۆ کردییە)، کاری ڕەخنەی کوردی ئاسانکردووە، بۆ ئەوەی بڕیاری ئەوە بدات، کە (نالی) یەکەم کەس بووە بە شێوەزاری (کرمانجی ناوەڕاست) نووسیویەتی، چونکە بەگەڕانەوە بۆ دەقەکەی (نالی) بەهۆی دەربڕینی (خۆکردییە)ەوە ئەو زمانە کوردییەشمان بۆ دەردەکەوێ کە بۆ شیعرنووسین پەنای بۆ بردووە.

هەر سەبارەت بەو باسە (دوکتۆر دڵشاد عەلی) پێیوایە ئەو هۆکارەی کە پاڵی بە (نالی)یەوە ناوە بە شێوەزاری (کرمانجی ناوەڕاست) بنووسێت، جۆرێک لە هەستکردنەن بە کەمی لەبەرامبەری نەتەوەکانی تری هاوسێی (عەرەب و فارس) بووە"کە ئەوان ئەو ئەدەبە مەزنەیان هەبووە، ئەم هەوڵیداوە ئەو کەمێتی و نزمییە بە شیعرێکی باڵا و جیهانێکی شیعری مەزن پڕ بکاتەوە"(عەلی، ٢٠٠٩: ٤٦٥).

ئەگەر لێرەدا لەسەر ئەو بۆچوونەی (دوکتۆر دڵشاد عەلی) بووەستین، ئەوا ڕاستییەکی مێژوویمان چنگ دەکەوێ، کە هەر خۆشی ئاماژەپێکردووە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر لەو قۆناغەدا هەر نەتەوەیەک بە زمانی غەیری (عەرەبی یان فارسی) شیعری بنووسیایە ئەوا بۆخۆی کەموکوڕی و ناشیرینییەک بووە بۆ دەق. هەربۆیە ئەو هەوڵەی (نالی)ش (بۆ سەلماندنی هێزی زمانی کوردی لەبەرامبەر زمانی عەرەبی و فارسی و دروستکردنی پێگەیەک بووە بۆی). بەڵام لە ڕاستیدا بە پێچەوانەوە ئێمە بۆچوونێکی ترمان هەیە، چونکە پێشتر شاعیرانی کورد بەو زمانەی کە (نالی) شیعری پێنووسی و کردییە زمانی داهێنانەکانی، شیعریان نووسیوە، بەڵام ئەوان نەیانتوانیوە زمانەکە بگەیەنن ئاستی زمانی (عەرەبی و فارسی)، ئەمەش پرسیارێک دروستەکات، کە ئاخۆ بۆ نەیان توانیوە؟ وەڵامی پرسیارەکەش ئەوەیە: ئەدەبی پێش (نالی) کە بە شێوەزاری (کرمانجی ناوەڕاست) نووسراوەتەوە بریتیبووە لە (ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و میللی) (سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٩: ٧١). بەڵام جیاوازی داهێنانەکەی (نالی) خۆی لە بەکارهێنانی زمانی کوردی بە تام و بۆی ڕێبازی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتییەوە دەبینییەوە، کە تێیدا گرنگییەکی زۆری بە قوڵبوونەوە و وەستایی لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەدا و، ئەم جۆرەی سەنعەتکاریش لە شیعری پێش (نالی)دا بەدی نەکراوە؛ ئەم لایەنەی شیعری نالی ڕەخنەی کوردی بە وردی و وریاییەوە دیاریکردووە. سەرەڕای ئەوەش ئەگەرچی ناسنامەی شیعری (نالی) لە ئەنجامی ئینکارکردنی (زمان)ی

دەقەکانییەوە لەلایەن ئەویترەوە دروستبووە، بەڵام دواجار لە بازنە ئەدەبییەکە نەچۆتە دەرەوە. واتە (غەمی ناسنامەی نەتەوەیی)، نالی بەرەو دنیایەکی ئەدەبی سەربەخۆ و جیاوازی لە ئەوانیتر نەبردووە، بەڵکو ناسنامەی شیعری نالی ناسنامەیەکی شیوازییە و چێژ و خواستی هونەری دروستیکردووە.

(نالی) لەکاتی نووسینەوەی ئەو دەقەدا هۆشمەندییەکی تەواوی بەرامبەر بە ڕەخنەی عەرەبی ئیسلامی هەبووە، چونکە ئەگەر لەو بەیتەی ڕابمێنێن کە دەڵێ:

بێتە حوجرەم پارچە پارچەی موسودەدەم بکرێ بە ڕۆح

هەرکەسێ کووتاڵ و پارچەی بێ بەدەل سەودا دەکا

(نالی، ١٣٨٧: 104)

ئەگەر لەسەر دەربڕینی (موسودە) بوەستین، ئەوا لەگەڵ واتای یەکەم (نووسینێک، کە بە مەبەستی پێداچوونەوە دەنووسرێ)، واتایەکی دووریشی هەیە، کە بە بۆچوونی ئێمە ئەمەیان مەبەستی (نالی) بووە، ئەویش بریتییە لە (ڕۆشنبیری ڕەخنەیی شاعیر) چونکە کەرەستەی هەرە گرنگی شاعیرانی سەر بە قوتابخانەی (الصنعه- پیشەسازی) ئەوە بووە، کە هەتا لە نووسینەوەی دەقێک تەواو دەبوون، کاتێکی زۆریان پێدەچوو، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش مسۆدەی ئەو دەقەیان دەبوو، چونکە جارلەدوایجار پێداچوونەوەیان بۆ دەقەکە دەکرد هەتا کەم و کوڕی تیادا نەهێڵن. کەواتە (نالی) زیرەکانە مەعریفەی ئەدەبی خۆی بە (ئەوان_لایەنی دووەم) ڕاگەیاندووە.

شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعر من بۆ نازکی

کەی لە دیقەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا

(نالی، ١٣٨٧:104)

لەگەڵ ئەوەی نیوەبەیتی دووەمی ڕوونە و باسی شیعرەکانی خۆی دەکا، کە ئەوەندە پێچ و گرێ و هۆنینەوەی مەبەست و وێنەی تێدایە، کە ناکرێ بەراوردبکرێ بە تاڵی هەودا، واتە وەکو ئەوەی (دوکتۆر عەبدولسەلام سالار) پێیوایە ئەو بەیتە:"مەبەست لێی زیاتر چێژبەخشینە بە خوێنەر"(سالار، 2013: 106). بەڵام ئەوەی ناڕوونە و وەکو گومان و پرسیارێک لەلای ئێمە بەجێهێشتووە، ئەوەیە کە ئاخۆ ئەو (خەڵکە/شاعیر)*١٣انە کێن، (نالی) وا بە گشتی باسیکردوون؟

لەڕاستیدا وەکو ئەوەی کە بەڵگەیەکی دروستی مێژوویی و ڕەخنەییمان لەبەر دەستدا نییە، بەڵام ناشکرێ خەیاڵمان بۆ لای شاعیرانی (عەرەب و فارس) بچێ، کەواتە دووبارە دەپرسینەوە کە دەبێ ئەو (خەڵکە -شاعیر)انە کێبن؟ ئەوەندەی بتوانین هەوڵ دەدەین وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەو پرسیارە بدۆزینەوە. ئێمە پێمانوایە ئەوانە هەر ئەو شاعیرانە بووبن، کە بەزمانی کوردی نووسیویانە و ئەو تیۆرە (کوردی زمانی شیعر نییە)یان لە زهنی لایەنی دووەمدا دروستکردووە. کەواتە ئەگەر (نالی) یەکەم کەس بووبێت بە شیۆەزاری (کرمانجی ناوەڕاست) شیعری نووسیبێت، کەواتە دەبێت ئەو شاعیرانە بە چی (زمانێک یاخود شیۆەزار)ێک شیعریان نووسیبێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش ئێمە پێمان وایە مەبەستی (نالی) بریتی بووە لەو شاعیرانەی کە بە (شیۆەزاری گۆران) یاخود بە هەورامی شیعریان نووسیوە، چونکە ئەو شیۆەزارە تا ئەو قۆناغە نەک تەنها "ئەدەب"(کاکی، 2008: 43)، بەڵکو زمانی باڵای ناو دیوەخان و کۆڕ و کۆبوونەوەکانیش بووە. وەکو ئەوەی (دوکتۆر دڵشاد عەلی) خستوویەتییەڕوو (نالی) لەو ڕێگەیەوە هەوڵیداوە لەبەرامبەر شیعری هەورامی دنیایەکی تری ئەدەبی بنیاتبنێ، کە مەبەستی لاوازکردنی شیعری هەورامی و پێگەی شیۆەزاری هەورامی بووە (عەلی، 2009: 105).

هەرچی دەربارەی ئەو چامەیەی*٤ (نالی)شە کە گوایە بۆ (سالمی) نووسیوە، ناتوانین بە دەقێکی نیشتیمانی بۆیبڕوانین، چونکە ئەگەر لەسەر تایبەتمەندییەکانی قەسیدەی ڕۆژهەلاتی لە چوارچێوەی ڕێبازی کلاسیکی ڕۆژهەلاتیدا بووەستین، بە تایبەتی قەسیدەی عەرەبی و فارسی، ئەوا ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ دەستپێکی قەسیدە دەچێ، کە باسی شوێنی لە دایکبوون و نیشتەجێبوون و یادگارییەکانی شاعیر کە لەو شوێنەدا بۆی ماوەتەوە دەکات، واتە گوزارشتێکی شاعیرانەیە بۆ یادەوەری و بیرەوەرییەکانی شاعیر لەو شوێنەدا. هەربۆیە ئەوەی (نالی)یش هەر هەمان شتە بەڵام بە فۆرمێکی جیاوازتر، چونکە ئەو لە دووڕەوە پەیامەکە دەنێرێ. لەبەرئەوە ئەو بۆچونەی (دوکتۆر سەباح بەرزنجی) بە دروست نازانین، کە لەوبارەیەوە دەڵێ:"ئەو چامەیە بۆ ئەو سەردەمەو بۆ ئیستاش دەگونجێ مانیفێستێکی بیری نیشتیمانپەروەری و خۆماڵی بێت...پێویستە ئەوەشمان لەیاد بێت، تاسەکردنەوە بۆ نیشتیمان و زێدی باو و باپیران و نالەنالی نالییەکانی کۆن و ئێستا بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، هەروەها خەوبینین بە جوانی و لایەنە ڕۆشنەکانی

ولاتەوە گەورەترین فاکتەرە بۆ بنیاتنان و دامەزراندنی نەتەوەیی"(سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٩: ١٢٨).

کەواتە وەکو چۆن قەسیدەی عەرەبی بە یادکردنەوەی شوێن و شوێنەوار نەیتوانی بناغەی دەوڵەت و نەتەوە ڕەنگڕێژ بکات، بە هەمان شێوەش ئەو قەسیدەیەی (نالی) بۆ کورد هێز و گوڕی ئەوەی نەبووە و نییە کە ڕەنگڕێژکەری بناغەی دەوڵەت و کیانێکی سیاسی نەتەوەیی بێت. هەروەها ئەگەر لە ڕەخنەی عەرەبی ئیسلامیدا، یان ئەدەبی (عەرەبی و فارسی) بگەڕێین، ئەوە دەقی هاوشێوەی ئەو دەقەی (نالی) کە بۆ وەسف و ستایشی (ئەحمەد پاشای بابان و سوپاکەی) نووسیویەتی، زۆرن. سەرەڕای ئەوەی"سیستەمی فەرمانڕەوایی لە کوردستاندا لە میرنشینەکانەوە هەتا سالانی (سی) سەدەی ڕابردوو، خێڵەکی یان نیمچە خێڵەکی بووە"(عەزیز، ٢٠٠٣: ١٣٣). کە ئەمەش واماڵێدەکات گوتاری نالی بە گوتاریکی نەتەوەیی نەبینین.

هەر لەوبارەیەوە (ئارامی حەمەی مینا) پێی وایە:"ئەوەندەی گەڕانەوەی نۆستالۆژیانەی شاعیرە بۆ وردەکارییەکانی ژیانی سەردەمێکی خۆی، بە تایبەت ئەوەندەی گەڕانە بە دوای یادگاری و بیرەوەرییەکانی خۆیدا بایی نیوەی ئەوەندەش ئاگای نە لە نیشتیمان و نە لە نەتەوەکەی نەبووە، بەڵکو ئەو پرسیارگەلەی کە (نالی) مەترەحی دەکات پرسیاری پیاوێکی ڕەهەندەی ولاتانە و لەوێش لە ناو وردەکارییەکانی ژیانی غەریبی خۆیدا ڕوحی هەڵوەدای زادگا و حوجرەکەیەتی و بە هیچ جۆرێک ناکرێت لەم دەقەوە وا لە (نالی) بڕوانین کە شاعیرێکی نیشتیمانپەروەر بووە، بەڵکو کۆی ئەو پرسیار و حەسرەت و غەمانەی (نالی) لەو دەقەیدا خەمی غەریبییەکی دووڕە زادگایە..."(م.عەلی،٢٠٠٣: ٤٩٨-٤٩٩).

لێرەوە دەگەینە ئەو بڕیارەی، لەبەرئەوەی بە زمانی کوردی نووسیویەتی، نالی هەڵگری بیری نەتەوەیی و نیشتیمانی نییە. بەڵام ئەوەش دەپرسین، کە ئاخۆ دەتوانین (نالی) بە کەمتەرخەم بزانین لەوەی نەیتوانیوە پرسی ناسنامەو نەتەوە لە دنیابینی و دەقەکانی خۆیدا جێ بکاتەوە؟ کە سەرچاوەی ئەو پرسیارەی ئێمەو گوتاری ڕەخنەی کوردیش بە بۆچونی ئێمە بۆ ئەم تێڕوانینەی (گیو موکریانی) دەگەڕێتەوە، کە دەڵێ:"ئەگەرچی (نالی) سەربەخۆیی نیشتیمانەکەی خۆی بە چاوی خۆی دیتبوو، لەپێش چاوی ویشدا ئەستێرەی بەختی بابانەکان وەرگەڕاوە، هەر خۆشی یەکێک بووە لەوانەی کە لە هەژمەن زۆری و بێدادی جانەوەرانەی عوسمانیان ئاوارەو دەربەدەر ببوو، کەچی داخی گرانم لەبەر چارەڕەشێنی نەتەوەی کورد کە زانایەکی وا ناودار و سەرکەوتوو و هۆشمەند سەرەڕای ئەوانەی سەرەوەش کەم و زۆر هەستی گەلپەروەری و نیشتیمانپەرستێتی نەبێ!"(گیو موکریانی: پ). لە وەلامدا دەڵێین: ئەگەرچی قۆناغی (نالی) قۆناغی بالادەستی زمانەکانی (فارسی و عەرەبی و تورکی)*ەبووە، بەڵام ئەو هەوڵەی (نالی) پلانێک نەبووە بۆ سازکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی، بە شێوەیەک ئەو زمانەی شیعری پێ نووسیوە جێگەی زمانەکانی تر بگرێتەوە، واتە (نالی) نەهاتووە بەهۆی زمانی شیعرییەکەیەوە ناسنامەیەکی جیاواز لە ناسنامەی (فارسی و عەرەبی و تورکی) دروستبکات، بەڵکو گوتاری شیعری (نالی)، زەقکردنەوەی جیاوازی خودی خۆیەتی لە گەڵ شاعیرانی تر (کە ڕەنگە هاوزمانی خۆشی بووبن)، کە ئەو واتە (نالی) دەتوانێ، هەمان ئەو توانایەی کە لە نووسینی شیعری بە زمانەکانی نەتەوەکانی هاوسێی هەیەتی، بۆ نووسینی شعیر بە زمانی کوردیش بە گەڕی بخات.

بەم شێوەیە ناسنامەی ئەدەبی نالی ئەگەرچی بەشێکە لە ناسنامە گشتییەکەی ناوچەکە (ئەدەبیاتی نەتەوە موسوڵمانەکان)، بەڵام دەکرێت مۆرک و تایبەتمەندی جیاوازی لە ئەوانیتر هەبێت. کە ئەو ناسنامە گەورەیەیان پێکهێناوە، لە دیارترینی ئەو تایبەتمەندییانەش (زمانی دەق)ە، بەڵام دیسان ئەوەی ئەو تایبەتمەندییەی بەو زمانە کوردییە بەخشیوە لە ناوخۆی (بیری زمان)دا نییە، بەڵکو لەدەرەوەی زمانەوەیە و هێزی لەخودی شاعیرەوە وەرگرتووە. دواجاریش هەر ئەو کەموکوڕیانەی کە شاعیر بینیونی و پڕیکردونەتەوە بەڵگەی توانای داهێنەرانەی شاعیرن.

واتە گوتاری (نالی) دۆزینەوەی زمانێکی تری ئەدەبییە. دیارە ئەو هۆکارەشی کە وای لە (نالی) کردووە، نەتوانێت لە ڕێگەی زمانە نوێیەکەیەوە، پرسی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی لە شیعرەکانیا بپارێزێت، هەر ئەوە بووە، کە پەیوەستبووە بە تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیکی قۆناغەکەی خۆیەوە"بە شوێن ڕێ و شوێن و تێگەیشتنی باوی سەردەمەکەی خۆی دەربارەی شیعر کەوتووە: کە ئەوکاتەش هونەری شیعر بریتیبووە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی..."(حەمە کەریم، 1986: 83)، چونکە لە هەر قۆناغێکدا بێت، کرۆکی (زمانی شیعری) بریتیبووە لە (وێنە)، بە زۆریش وێنەی شیعری (نالی) لەگەڵ وێنەی شاعیرانی کلاسیکی (فارس و عەرەب)دا لە بنیات و ناوەڕۆکدا یەک شت بووە. هەر لەبەرئەوەیە، گوتاری

ڕەخنەی کوردی لەو ڕووەوە کە پێی وابووە (نالی) شاعیرێکی داهێنەر و بەتوانا و شیوازگەری شیعر بووە، گوتارێکی دروستە بەڵام لەو شوێنەدا ڕاستی نەپێکاوە کە پێی وایە نالی شاعیری نیشتمان و نەتەوە بووە و هەڵگری مانیفێستی نەتەوەیی بووە. بەڵکو وەکو نالی خۆی دەڵێ:

فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە

(نـالـی) ئـەمـڕۆ حاکمی سـێ مولکـە، دیـوانـی هـەیـە

(نالی، ١٣٨٧: 582)

بەڵێ دەفتەری نالی ڕێژەیەکی زۆری وێنە و دەربڕینی تێدایە، کە بە شیوەیەک لە شێوەکان لە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسیدا هەیە و ئەو بە زمانێکی تر دایڕشتوون. دواجاریش ئەوە بوو شیعری کلاسیکی کوردی لەگەڵ شیعری کلاسیکی فارسی و عەرەبیدا ئەدەبێکی هاوبەشیان پێکهێناو، بە ئەدەبی عەرەبی ئیسلامی ناو برا، کە خاوەنی کۆمەڵێک بنەمای ڕەخنەیی گرنگ بوو بۆ ڕێبازی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی و"شیعری کلاسیکی کوردیش زۆرینەی ئەو بنەمایانەی تێدا چەسپاوە"(أحمد، ٢٠١٧: ٥٨). کەواتە هەر ئەو هاوبەشییە وای لە (نالی) کردووە بە سێ زمانی جیاواز شیعر بنووسێت، نەک هەستی ئەو بەرامبەر بە نیشتیمان و نەتەوە. واتە پرسی زمان لەلای ئەو پرسێکی ئەدەبییە و لەڕێگەی (زمان)یشەوە ناسنامەیەکی ئەدەبی بالای بۆخۆی و بۆ شاعیرانی دوای خۆیی و گەلەکەشی بەجێهێشت، نەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی.

2. ناسنامەی نەتەوەیی لە شیعری (گۆران)دا

دوابەدوای گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەو کرانەوەی بە ڕووی دنیای دەرەوەی سنورەکەی خۆی، ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی وەکو هەر کایەیەکی تری ژیان، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بۆوە، بە شێوەیەک کە لە ئاست خواست و داواکارییە خودی و بابەتییەکانیشدا بێت. چونکە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ناوچەکەدا بەگشتی، بزوتنەوەیی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و کەلتوری لە کوردستاندا دروستبوو، هاوکات"ڕۆشنبیرانی کورد ڕابەرایەتی هەردوو بزوتنەوەکەیان دەکرد"(توفیق، 2007: 12).

کەواتە دەتوانین بە دیاریکراوی بڵێین لە سەرەتای نوێبوونەی شیعری کوردیدا لە سالانی سیپەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر دەستی کۆمەڵێک شاعیر، لە دیارترینیان (گۆران)، شیعری کوردی بە پاڵپشتی هۆشیارییەکی نەتەوەیی و بیرێکی سیاسی و ئایدۆلۆجی نەتەوەیی ڕووی لە پرسی ناسنامە کردووە و لە هەوڵی دۆزینەوەی ناسنامەیەکدا بووە بۆ خۆی. ئەو کارەشی بە ڕووکردنە کۆمەڵێک بنەمای هونەری بوو، کە بە تێڕوانینی ڕەخنەگران و شاعیرانی قۆناغەکە بنەماگەلێکی خۆمالّی و تایبەت بە نەتەوەی کورد بوون. ئەم هەڵوێستەش بۆخۆی "گرنگیدان و گەڕانەوە بوو بۆ کەرەستە خۆمالّییەکان، لەبەرامبەر ئەو کەرەستانەی کە لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی عەرەب و فارسەوە بۆ ئەدەبی کوردی خوازرابوون، بێگومان ئەمەش لە هەستی نەتەوایەتی (گۆران)ەوە سەرچاوەی گرتبوو" (تاهر،2006: 101) بەرانبەر بەو سیماو تایبەتمەندییە بیانیانەی شیعری کوردییان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ تەنیبوو. ئەو هۆکارانەشی کە (گۆران) کردنییە بناغەی هەڵوێستی خۆی، لەلایەکەوە (زمان و وێنەو ئاوازی شیعر) و لەلایەکی تریشەوە هەستە نەتەوەییەکەی خۆی بوون. کەواتە سەرەتاترین هەنگاویش بۆ دۆزینەوە یاخود بەدەستهێنانی ناسنامەی نەتەوایەتی لە شیعردا، ئەو گوتارە ڕەخنەییەی (گۆران) بوو، کە لە نامەیەکدا بۆ (پیرەمێرد)ی ناردبوو، چونکە وەکو ڕەخنەگرانی پێش ئێمە بە سەرکردایەتی (دوکتۆر دلّشاد عەلی) ئەوەیان خستۆتەڕوو کە دەنگی (گۆران) دەنگێکی یاخییە لە بنەما هونەرییەکانی پێش خۆی بەگشتی و شیعری ماوەی سالانی نێوان (١٩٢٠-١٩٣٠) بەتایبەتی، کە (گۆران) و شاعیرانی وەکو (شێخ نوری و ڕەشید نەجیب) بنیاتیان نابوو. هەروەها بەبۆچونی ئێمە خواستی گۆران بۆ گۆڕینی بنیاتی هونەری دەق و هەستی نەتەوەدۆستی دوو هێڵی هاوتەریب بوون و پێویستییەکی قۆناغەکەش بوون. چونکە بارودۆخی ئەو قۆناغەی شیعر، پرسی ناسنامەی نەتەوایەتی کردبوو بە ئەرکێکی لە پێشینەی شیعری قۆناغەکە.

(گۆران) لەو نامەیەدا کە بۆ (پیرەمێرد)ی ناردووە دەڵێ:"حاسڵی چە ئەو بێت، چە شەیتانێک لە شکڵی ئەوا، بەرامبەر بە خوێنێکی زۆری جگەرم، دڵی نەرمبووە، چەند جارێک خۆی تەسلیمکردوم. پەری ئەم عەشقە ئاگرییە چەند ڕۆڵەیەکە، هیچیان لە هیچیان ناچێ و هەر یەکە خوێنێکی لاوازیان بەلەشا ئەگەڕێت. بەعزێکیان دڵۆپێک چییە خوێنی کوردیان تیا نییە، بەڵام کەم و زۆر جەریانێکی پەریەتی لە ناو دەماریانا هەیە. بەعزێکیشیان بە عەکسەوە."(گۆران، ١٩٦١: ٦).

لێرەوە ئەگەر سەیرێکی دەربڕینەکانی وەکو (خوێنی کوردی، جەریانی پەریەتی) بکەین، ئەوا ڕووبەڕووی چەند پرسیارێک دەبینەوە، کە ئاخۆ گۆران دەبێ مەبەستی لە **خوێنی کوردی** چی

بێت؟ بۆ دەبێ دەقەکانی ئەو خوێنە کوردییەی لەخۆیدا هەڵگرتبێت؟ کە بەبۆچونی ئێمە هەر هەستە نەتەوەییەکەی و بیرە ناسیۆنالیستەکەی گۆران خۆیەتی بۆتە خۆین و بە شادەماری دەقێکدا هاتوچۆیکردووە کە ئاخر بێچوی بووە. هەروەها مەبەست لە **جەریانی پەریەتی** بۆ ئەوە بووە هەتا لەو رێگەیەوە ناسنامەی نەتەوەیی شیعرەکانی خۆی دیاریبکا و خۆیشی لە قوتابخانەی کلاسیکی کە (نالی)و هاوڕێکانی داهێنەر و پەیڕەویکاری بوون لەلایەکەوە و، ئەو بزوتنەوەیەی کە (شیخ نووری)ش ڕابەری بوو لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لە لایەکی ترەوە داببڕێت. چونکە ئەو پێی وایە شیعری کلاسیکی کوردی پشتی بە سەنعەت و پێشەسازی بەستووە، بەڵام شیعرەکانی ئەو واتە (گۆران) بەرهەمی خەیاڵ و دەروونی تاکی شاعیرە، دووبارە ئەو خەیاڵەش پەروەردەیەکی کوردیانە بوو. چونکە بەو هەوڵەی شیعری کوردی بۆ ساغبۆتەوە. (سەرچاوەی پێشوو، ١٩٦١: ٦).

بەڵام هەتا ئەو کاتەشی کە نامەکەی نووسیوە، (گۆران) وەڵامی (پیرەمێرد)ی بە دەست نەگەیشتۆتەوە. هەربۆیە دەڵێ:"لەو حەلەوە بە ئاگری چاوەنواڕی ئەتلیمەوە: ئاخۆ کەی بێ (حوکمی قەتعی) لە قەلەندەری موحتەرەم ببیەم؟" (سەرچاوەی پێشوو، ١٩٦١: ٨). بەم شێوەیە گۆران لەچوارچێوەی چاوەڕوانی وەلامێکدا ڕەوتی داهێنان و ڕێژگەی هەستی کوردانەی خۆی دیاریدەکات و، لە ڕێگەی دەقەکانییەوە دەبێت بە هەڵگری ئالای کوردایەتی.

کەواتە ئەگەرچی دروستە وەکو (دوکتۆر دڵشاد عەلی) و لە ڕوانگەی تیۆری دەروونناسییەوە ئێمەش پێمان وابێت:"(من)ی (گۆران)، (من)یکی ناجێگیر بووە لەناو بازنەی ڕووداو و کارەساتەکانی دەوروبەریدا، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی وەک (من)یکی ناو (ئێمە) و (من)یکی ناو کەسانی تر (ئەوان)، لە نێوان ئارامی و ناڕامیدا سووڕابێتەوە، هەر ئەمەشە وایلێکردووە نەتوانێ تەنها لە بازنەی ئەو تێڕوانینەی خۆیدا کە دەربارەی خۆیەتی بمێنێتەوە"(د.دڵشاد عەلی، 2007: 38). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو (من)ـە، منێک نییە بەو شێوەیەی تیۆری دەروونناسی جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەڵکو بە ڕوونی منێکە، کە پەیوەست و ئاوێتەی پرسە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانە، چونکە ئەگەرچی تیۆری دەروونناسی بۆ پێکهێنان و دۆزینەوەی ناسنامەی تاک هەوڵ دەدات ، بەڵام تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان ناسنامەی تاک بەبەشێک لە کۆمەڵگە دەزانن. هەربۆیە جەختیان کردۆتەوە لەسەر ئەوەی "ناسنامەی نەتەوەیی، ناسنامەیەکی بەکۆمەڵی میژوویی بەردەوام و نەگۆڕە و هەموو تاکەکانی نەتەوە لە خۆیدەگرێت، ئەمە لە کاتێکدایە ناسنامەی تاکەکەس و بەکۆمەڵ لە ئاستێکی نزم (ورد)و مامناوەندیا بەستراوەتەوە بە تایبەتمەندی تاکەوەو هەردەم دەتوانێ گۆڕانی بەسەردا بێت"(عەلیزادە، ١٩٣٤: ١٥٤). هەر لێرەوەیە ناسنامەی ئەدەبیاتی (گۆران) لەگەڵ ئەو ناسنامەیەی (نالی) ، هیچ جیاوازییەکی نییە لەو ڕووەوە کە هەردووکیان لە ئەنجامی (تاکباوەڕی)ی خۆیانەوە دروستیان کردووە و، دواتر (کۆمەڵباوەڕی)شیان بەدەستهێناوە.

هەروەها دەتوانین بڵێین، ئەو دابڕانە خودییە، نەک تەنها (گۆران)ی گەیاندۆتە ناسنامەیەکی ئەدەبی تایبەت بە خۆی، بەڵکو لەو ڕێگەیەوە بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆشی گەیشتووە. ئەوەشی کە ئەو ڕێگەیەی بۆ خۆشکرد گەڕانەوە بوو بۆ کەلەپووری کوردی، ئەوەش بە هۆی جوڵانەوەی نەتەوایەتی گەلانی ناوچەکە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، هەروەها خواستیان بۆ زیندوکردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی خۆیان، وای لە شاعیرانی کوردیش کرد هەمان ڕێگە بگرنەبەر (گۆران، 1971: 1).

بەم شێوەیە (گۆران) لەو بنەما خۆمالّیانەی کە بۆ بنیاتی تاقیکردنەوە نوێکانی گرتبێ بەر (زمان و ئاواز)ی خۆمالّی بوو (عبدالرزاق بیمار، ١٩٧٠: ٣). هەروەها کردنییە کەرەستەی دەقێک کە دەبێتە ئاوێنەی خواستە نەتەوایەتییەکەی. سەرچاوەی ئەو هەوڵەشی خواستی ئەو بوو بۆ دیاریکردنی سیمای دەقی نوێی کوردی، چونکە وەکو ئەوەی (گۆران) لەبارەی (کێشی پەنجە)ەوە دەڵێ"وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە"(گۆران،١٩٧١: ١). هەرچی لەبارەی زمانی دەقیشەوەیە وەک ئەوەی (ئامر تاهیر) دەڵێ:"هەستی نەتەوایەتی گۆران یەکێکە لە سەرچاوەکانی پرەنسیپی بە کوردیکردنی زمانە شیعرییەکەی"(تاهر، ٢٠٠٦: ١٣٠-١٣١).

کەواتە لایەنێکی ترو بنەمای هەرەگرنگی ناسنامەی نەتەوەیی لەلای (گۆران) ڕووکردنە زمانێکی شیعری بوو لەسەر بنەمای هەستێکی نەتەوەیی، بەشێوەیەک کە پێی وابووە هاوشانی بنەمای ئاواز لەبنیاتی شیعردا، دەبێت ڕەچاوی (زمان) کە وشەو دەربڕینی کوردییە بکرێت، دواجاریش لە ڕێگەی ئەو دەستەواژەو وشانەوە وێنەی خۆمالّی بنیات بنرێت.

هەربۆیە ئەم هەوڵەی گۆران لەگەڵ ئەوەی ئاکامی"گەڕان بووە بە دوای ڕەسەنایەتیدا"(عەلی، ٢٠٠٧، ٤٨). هاوکاتیش بەدەستهێنانەوەی

ناسنامەی نەتەوایەتیانەی شیعری کوردی بوو، کە لەدوای دروستبوونی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی بە ڕابەرایەتی نالی لە ناوچەکەدا لەدەستی دابوو. یەکەمین دەقێکیش کە بە بۆچونی ئێمە سیماو تایبەتمەندی و ناسنامەیەکی کوردانەی تێدا بەدی بکەین، وەکو ئەوەی (دوکتۆر دڵشاد عەلی) درکی پێکردووە، دەقی (دیمەنێکی بەهار)ەکەیەتی (سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧: ٥٥).

کەواتە ئەو (ئاخیر بێچو)ەی (گۆران) لە نامەکەیدا، کە بۆ (پیرەمێرد)ی نووسیوەو ئاماژەی پێکردووە، هەر ئەو دەقەیەتی کە لە (مەنزەرەیکی جوانی بەهار)دا نووسیویەتی و دیمەنێکی بەهاری کوردستانی پێ کێشاوە، ئەم وێنە کێشانەش بە تەواوی بەهۆی کەرەستەی خۆماڵییەکانی وەکو (کێشی پەنجە و زمانی کوردی پەتی) و (وێنەی خۆماڵی و هەڵهێنجراوی ناو واقیع و سروشتی کوردستان)ـەـ.

ئەم لا یەک پەڵە ئەو لا یەک پەڵ: هەوری ڕەنگاو ڕەنگ
لە ناوەڕاستا: بە دەم ئاسۆوە ڕۆژی شۆخ و شەنگ
سەوزەگیا پاراو، گوڵا و گوڵاڵە مەستی ڕەنگ و بۆ
درەخت تازە شین، سەرلق ڕازاوەی گوڵ، گەڵا، چرۆ...
(گۆران: ١٣٨٦: ١٣٨)

بەم شێوەیە گۆران لەبەشی سەرەوەی تابلۆکەیدا بە کۆمەڵێک دەستەواژەی وەک (پەڵە هەور، سەوزەگیا، درەختی تازە شین، گوڵ و گەڵا و چرۆ)، کە هەموویان کوردییەکی سفت و بێگرێن، کە بۆ خوێنەوارو شیعردۆستانی ئەوکات و ئێستاش نامۆ نین. سەرەڕای ئەوەی هەر لەڕێگەی ئەو دوو دێرەوە دەتوانین بچینە ناو (مەنزەرەیەکی جوانی بەهار)ەکەی شاعیر مەبەستی بووە.

قاسپە قاسپی کەو، نەغمەی چۆلەکەو بڵبڵی دەنگ خۆش
پیاڵەی نەشئە حەتا بە ڕۆحی بەردیش ئەکا نۆش
وەک بگری بەکوڵ دنیای سەرمەستی قاقای پێکەنین،
لە هەموو عاستێ فرمێسکی کانی گەرمی هەڵقوڵین
(گۆران: ١٣٨٦: ١٣٨)

بەم شێوەیە (گۆران) وردەوردە بەرەو سۆزی دەروونی خۆی دەچێت و، لەو ڕێگەیەشەوە وێنە (فرمێسکی کانی گەرمی هەڵقوڵین)یەکی زۆر جوان و داهێنراوی خۆی دەهێنێتە ناو دەقەکەیەوە، بەڵام هەرچەنێکیش جوان و داهێنراو بێ، ئەوا لەلای (هەیئەتی ئێختیاریيە) هیچ نرخ و بەهایەکی نییە، چونکە بە بۆچونی ئەو (لاسایی ئەدەبی بێگانەی نەکردۆتەوەو موتوموری عەرەب و فارس و تورک)ی بە خۆیدا هەڵنەواسیوە. هەربۆیە ئێمەش پێمان وایە شاعیر بە تەواوی پشتی لە وێنەو دەربڕینە کلاسیکییەکان کردووە، بۆ بنیاتنانی وێنەکانیش پشتی بەبەهرەی خودی خۆی بەستووە، واتە (جەریانێکی پەریەتی) تێدایە.

سەرەڕای ئەوەی (گۆران) ڕووی لە سرووشتی کوردستان کردووە و توانیویەتی زیرەکانە وێنەیەکی جوانی بەهاری کوردستان بکێشێت، بەڵام وەک ئەوەی پێی وابێ هێشتا هاوکێشەکە ئەنجام نادات بەدەستەوە، چونکە لەو قۆناغەدا پێویستبوو شیعریش لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا، جۆرێک لە گیانی شۆڕشگێڕانەی لەخۆیدا هەڵگرتبێت، هەربۆیە لەگەڵ دواندنی (مەل)دا، ویست و ئارەزوی خۆشی بۆ سەربەستی و ئازادی نەتەوەکەی دەردەبڕێت:

مـــەلی ســەر بنچک، پەلو پۆ ڕەنگـین! خۆ من هـەڵـۆ نیم،
لێم مەفڕن جووت جووت، مەترسن ئاخر پێتان بڵێم چیم:
منیش وەک ئێوە لـە دنیای گـــەورە گـــەردێکم بچـووک،
حـەتـتا ناشـتوانم بفڕم، بخوێنم، بـە بـاڵ بـــە دەنـووک!
بـەڵام وەک ئێوە لە دڵـمـا ئـەگـڕێت مـەیلی سەربەستی:
ئـەمـــەش ئـایـینـم وەک ئاینـتـانـــە: هـــەردە پـــەرسـتـی!
(گۆران: ١٣٨٦: ١٣٨)

بەم شێوەیە (گۆران) توانی لەڕێگەی (دیمەنێکی بەهار)ەکەیەوە کە بێگومان (بە خوێن، بە کاڵا، بە باڵا لە بەچکەی کورد، لە ڕۆڵەی کورد ئەچوو) بەرەو دنیایەکی تری جیاواز هەنگاوبنێت و بگات بە ئەو شتەی تویژینەوەکەمان بەگرنگییەوە جەختی لەسەر دەکاتەوە، کە ئەویش (ناسنامەی نەتەوەیی شیعر)ـەـ. (گۆران) سەرکەوتووانە (ناسنامە)ی شیعری کوردی دۆزییەوە و بەردەستی خستووە هەروەها توانی لە ڕێگەی ئەو کارەشییەوە گرنگی شیعر و ڕۆڵ و پێگەی لە دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەییدا بچەسپێنێت. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ناسنامەی شیعری (گۆران)، لەپێش ئەوەی پرسێکی ئەدەبێ بێت؛ پرسێکی نیشتیمانی نەتەوەیی بووە. ئەمەش بۆخۆی جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی ناسنامە لەسەر بنەمای جیاوازی و کێشەکانت لەگەڵ ئەوی تردا دروستدەبێت، ئیتر ئەگەر ئەم تایبەتمەندییەش بە زمان و کەرەستەی نەتەوەیی بنووسرێتەوە باشترە، دەنا با زمانی دەق نەتەوەیی بێت، بەڵام ئەگەر گوتاری

نەتەوەیی دروست نەکرد و وینەی نەتەوەیی پیشان نەدا، ئەوە گۆڕی دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی نییە.

ئەنجامەکان

بە پشت بەستن بە تیۆریای نوێی پرسی ناسنامەو، بەهۆی خستنەڕووی تویژینەوەکانی پێشتر، هەروەها لەبەرچاوگرتنی ئەنجامەکانیان، ئەم تویژینەوەیە بە کۆمەڵێک ئەنجامی نوێ گەیشتووە، دەکرێ ببێتە خوێندنەوەیەکی تری ئەنجامەکانی پێش خۆی. ئەنجامەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

1- ناسنامەی شیعری (نالی) و(گۆران) هەردووکیان لەئەنجامی جیاوازی و تاکباوەڕی خۆیانەوە لەگەڵ ئەوان (شاعیران و ڕەخنەگران)ی تردا دروستبووە.

2- پرسی ناسنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، لەسەر دوو هێڵی هاوتەریب دەڕوات، هێڵێک کە پەیوەستە بە ڕووکردنە کولتوورو کەلەپووری کوردی و بەدیاریکراویش (زمان). هێڵەکەی تریشیان گوزارشتکردنە لە کێشە و گرفتە نەتەوەییەکان. بەڵام هێڵی دووەمیان گرنگترە، بەم چەمکە دەتوانین بڵێین پرسی ناسنامەی شیعرەکانی (گۆران) لە هەمانکاتدا پرسی نەتەوەشە چونکە بەهۆی هێلی دووەمەوە یەکەم دەتوانیت گوتاری نەتەوەییانەی خۆی دیاریبکات.

3- ئەگەرچی ڕەخنەی کوردی ئەوەی سەلماندووە کە بەهۆی ڕووکردنە زمانی کوردییەوە، (نالی) توانیویەتی ناسنامەیەکی ئەدەبی بۆ خۆی بنیات بنێت، بەڵام ئەم تویژینەوەیە بە پێچەوانەی تویژینەوەکانی پێش خۆی، ئەم هەوڵەی نالی دەخاتەوە ناو چوارچێوەی شانازیکردن بە توانای شاعیرانەی خۆیەوە، نەک ئەوەی هەوڵێک بێت بۆ بنیاتی ئەدەبێکی نوێ بە زمانێکی نوێ، چونکە لەسەردەمی (نالی)شدا، زمان و وینەی شیعریی کوردی بە بنیاتێکی پتەو و دەوڵەمەندەوە ئامادەیی هەبووە، کە دەکرا نالی سودیان لێ وەربگرێت.

4- منی گۆران پێش ئەوەی گەڕانێت بەدوای کەرەستەی ڕەسەنی کوردیدا، بە دەقەکانی پەرۆشی دروستکردنی گوتاریکی نەتەوەییە، کە دەکرێ ئەو گوتارە بە کەرەستەی ڕەسەنیش نەبێ، بەڵام ناکرێ ئاوڕدانەوەی خەمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانی نەتەوە نەبێت.

5- جیاوازی بارودۆخی (سیاسی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی) هەردوو قۆناغەکە، دوو چەمکی جیاوازی بۆ ناسنامەی شیعری دروستکردووە. بۆ نالی (سەنعەت)ەو زمان کەرەستەی ئارایشی ئەو پێشەسازییە، بۆ گۆران (نەتەوە)یەو زمان گوتاری نەتەوەیی پێکدێنێت، چونکە قۆناغی (گۆران) چەرخی هۆشیاری و کرانەوەی نەتەوەی کورد بەرامبەر بە خواست و مافەکانی خۆی. لە گوتاری گۆراندا (ناسنامەی نەتەوەیی)ش بووە بە خواستێکی قۆناغەکەی.

لیستی سەرچاوەکان

کتێبی کوردی

1. ئاقایی، ئازاد حاجی، (2015)، ڕابردووو هاودژەکان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپی جەمال عیرفان.
2. تاهر، ئامر، (2006)، نیما یوشیج و عەبدوڵڵا گۆران نوێکردنەوەو دابڕان، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
3. تۆفیق (دوکتۆر)، قەیس کاکل، (2007)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس.
4. کۆیی، حاجی قادر، (١٣٩٠)، میران، سەردار حەمید ؛ شارەزا، کریم موستەفا، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.
5. ڕیکۆر، پۆڵ، (2008) هێرمنیۆتیکا، دیڕپەندی، لێبووردەیی، وەرگێڕانی: ئەحمەد ڕەزاچاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
6. ڕەسوڵ (پرۆفیسۆر)، عیزەدین مستەفا ، (٢٠٠٨)، ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧) شاعیر و بیرمەند، فەیلەسوف و سۆفی،نووسەر لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردی، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی.
7. زادە، هاشم ئەحمەد، (2012)، زمان ئەدەب و ناسنامە، د. چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
8. سەعید، هیوا عەزیز، (2003)، ناسیۆنالیزمی کوردی (١٨٨٠-١٩٣٩) بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی.
9. عەلی (مامۆستا)، (2003)، نالی هەر لە لووتکەدایە، ئامادەکردنی، ژمارەی چاپ؟، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلاّمانی.
10. عەلیزادە، خالید، (1934)، لێبوردەیی و جیاوازی (کۆمەڵە وتار)، چاپی یەکەم، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، سەقز.
11. کاکی، حەمە نوری عومەر، (2008)، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
12. کەریم، حەمە سەعید حەمە، (1986)، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، بەغداد.
13. گۆران، عەبدوڵڵا، (1386)، دیوانی گۆران، چاپی سێیەم، چاپخانە دالاهۆ.

14. مودەرریس، مەلا عەبدولکەریمی و فاتیح عەبدولکەریم، (1387)، دیوانی نالی (مەلاخدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی)، چاپی شەشەم، چاپخانەی کوردستان، سنە.
15. وەلی، عەباس، (2001)، کوردەکان و ئەوانی تر یان هەویەت و سیاسەتی پارچە پارچە بوو، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: نەزەند بەگیخانی و هاشم ئەحمەد زادە، ناوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سوید.

کتێبی عەرەبی:

16. عقیل، سعید محفوض، (2013)، الاکرد والغة والسیاسة، الطبعة الاولي، المرکز العربي للابحاث و دراسة السیاسات، بیروت.

ڕۆژنامەوگۆڤاری کوردی:

17. بیمار، عبدالرزاق، (١٩٧٠)، دانیشتنێک لەگەڵ گۆران، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە(2).
18. سالار، (دوکتۆر) عبدالسلام، (2013) شێواز لە شیعری کوردیدا بە نموونەی شیعری (نالی) و گۆران، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی)، بەشی B ، ژمارە (43).
19. عبدالواحید (دوکتۆر)، ئازاد – عمر، مهدی فاتح، (2008)، زمانی شیعری لە نێوان ئەزموونی شاعیر و ئیستاتیکای دەقدا (نالی وەکو نموونە)، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی)، ژمارە (24)، بەشی B.
20. عەلی (دوکتۆر)، دڵشاد، (٢٠٠٧)، گۆران داهێنان و نوێخوازی، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی)، ژمارە(20)، بەشیB.
21. گۆران، (١٩٦١)، لەمامۆستا گۆرانەوە بۆ پیرەمێرد، گۆڤاری (هیوا)، ژمارە (38)، ساڵی (6).
22. گۆران، (١٩٧١)، کێشی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارە (19)، ساڵی (1)، پێنج شەممە.
23. وەلی، عەباس، (١٩٩٨)، مەسەلی کورد و قەیرانی سیاسی لە ئێران، گۆڤاری (گزینگ)، ژمارە (٢١).

گۆڤاری فارسی:

24. جایگاه نمادهای هویت ملی در زبان و ادب فارسی، مطالعه موردی: اشعار داستانی جمال زاده، خیر ابادی، فاطمه رضایی ؛ حکیم زاده (دکتر)، رضوان ؛ محمدی (دکتر)، محمد حسین ؛ خالقی نژاد، سید علی، (١٣٩١) فصلنامه تحقیقات فرهنگی، دور پنجم، تابستان.
25. قمری، محمد رضا ؛ زاده، محمد حسن، (١٣٨٩) نقش زبان در هویت ملی، دوفصلنامه علمی-پژوهشی زبان و پژوهشی دانشگاه الزهرا، سال دوم، شماره (٣)، پایز وزمستان.
26. کچویان(دکتر)، حسین ؛ یگانه (دکتر)، محمد رضا جوادی، تطویر نظریه‌های هویت در غرب از تجدید تا مابعد تجدید ، علوم سیاسی، سال هشتم، شماره (بیست و نهم).

نامەی ئەکادیمی:

27. أحمد، دیلمان قادر، (٢٠١٧)، چەمکی داهێنان لە تێڕوانینی شاعیرانی کورددا کرمانجی خواروو (1920-1970) ، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

سەرچاوەی ئینتەرنێتی:

موکریانی، گیو، دیوانی نالی، ل پ. https://allekok.com/pitew/pdfs.php

---

* لەچوارچێوەی قۆناغەکانی گەشەکردنی دەقی ئەدەبی کوردیدا، هەر لە (خانی)یەوە بیگرە هەتا ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو خەبات و شۆڕشی کورد بەشێکی دابڕاو نەبووە لە خەباتی تاکی کورد لەپێناو ژیانێک بە حورمەت و بەپیرۆز ڕاگرتنی کولتورەکەیان، بەڵام لێرەدا وشەی (کورد) تەنها دالێک بووە بۆ عەشیرەت و نوخبەی کوردی کە شارنشین بوون. واتە چینی ژێرەوەو لادێنشینەکان لە هیچ کوێی ئەم چەمک(کورد)ەدا جێیان نەبۆتەوە. (ئاقایی، ٢٠١٥:١١٨-١١٩).

[٢*] زاراوەیەکی ڕەخنەیی سەر بە ڕەخنەی عەرەبی ئیسلامییە، (حەمە کەریم، ١٩٨٦: 86).

[٣*] بە بۆچوی (خانەوادەی مودەڕیس) لێرەدا (نالی) مەبەستی شاعیرێکە، کە بە(عەرەبی) یان (فارسی) شیعری نووسیبێت، سەرەڕای جێهێشتنی بۆ ڕەخنەگران و ڕۆشنبیرانی دوای خۆی، وەکو خۆی ئاماژەپێکردووە، گومانی ئەوەشی خستوتەڕوو، کە مەبەستی (نالی)، (مەستوورەی ئەردەڵانی)ی بووبێت. (نالی،١٣٨٧ :104).

[٤*] هێشتا پێویستی بە سەلماندن هەیە، چونکە دیارنییە کە (نالی) چامەکەی بۆ کێ نووسیوەو ناردووە، چونکە لەوێدا هیچ ئاماژەیەک بۆ بۆنێردارو نییە.

[٥*] دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەدەبی کوردی هەتا سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوو هاوبەشێکی دیاری ئەدەبیاتی ناوچەکە بووە، چونکە"نەتەوەیەکی موسوڵمان بوونی هەبووە، بەڵام کورد، تورک، یان عەرەب بوونی نەبووەو هەر چەشنە شوناسێکی نەتەوەیی وەک مەترسییەک بۆ یەکگرتوویی ئیمپراتۆری ئەنرخینرا" (ئاقایی،٢٠١٥: ٤).

View publication stats